www.kurdistannet.org
20/07/2003 21:34

# بێدەنگی

یاسین بانیخێلانی

بێدەنگی پێم ئەڵێ:
درەخت، ڕووبار، باڵندەو مناڵەکان
هەموو نووستوون
درەخت خەو بە ڕووبارەوە ئەبێنێ
سبەینێ ڕووبار بە پاڵیا تێپەڕێ
سڵاوێکی لێبکا
ڕووباریش خەو بە باڵندەوە ئەبێنێ
سبەینێ باڵندە بەسەر سینەیا سەمای کرد
جار نا جارێك
ماچێکی بکا
باڵندە خەو بە نوێترین ئاوازەوە ئەبێنێ
سبەی بۆ درەخت و ڕووباری
بخوێنێ
مناڵیش خەو بەوەوە ئەبینێ
سبەینێ لە ژێر سێبەری درەخت و کەناری ڕووباردا
گوێ لە ئاوازی باڵندە ڕادێرێ
بەڵام من چۆن ئەتوانم بنووم
چۆن بێدەنگ بم!
سەرکردەیەك لە پشتی سەرمەوە
پەیتا پەیتا
درۆ زل زل
ئەکا

Heidelberg 20. 7. 2003

کوردستان نێت www.kurdistannet.org